# گێسیا!

**هۆنراوەی:ئازاد کەریمی**



گێسیا!

ئەشقی یەکەم، ئەشقی کۆتا

جوان و شیرین

شۆخ و نازدار

ئەنی زێڕین

ئەبرۆ نەخشین

بەدەو! گێسیا!

چرای ڕووناک چێرەی نازت
هیوای ژینم چاوی بازت
کاولکەری ژیانی من
نیگای پڕتیشک
پڕ لە ڕازت...
ئاخ ئەی گێسیا!
ئەشقم، گوڵم، نێرگز، نەشمیل
جوانێ، کیژێ، ڕوومەت ئاڵێ
دڵ ئێخسیرە و کەوتە داوت
بەند کراوە بە شلەی شاڵێ...
سوپاس بۆ تۆ خۆشەویستم
خۆشتویستم
فێرت کردم ئاشق ببم
بێترس، بێباک
وەک هەڵۆ بم یان وەک شاهۆ
ئاسمان ئاسمان
هەوران هەوران
هەڵبسووڕێم، فڕین بکەم
بە هێزی چەرخی شاباڵێ.
ساتێک دووسات سەدان ساتێ
نۆزدە یان بیست
پەنجا، حەفتا
ساڵان بێت و هەروا بڕوا
خۆشم بوێیت خاتوونم بی
شادم، گەورەم ، سەربەست، ئازام
لە ویژدان و دەروونمدا
ئاساییە، کورت مەودایە
وەک سەودایە لە خەیاڵێ!
ڕازی ئێمە

بابیزانێ وا نایزانێ
با یاد بکات جارێکێ تر
ئەوەی بیستی، وا دەیزانێ
شەرمم نیە لە درکانێ!
تۆی سێبەرم
خەندان خۆری ناو ئاسمانم
کەس ناتوانێ
جێی تۆ بگرێ
لە دڵ و لە گیان و ناخمدا
دەست بەتاڵە خەیاڵخاوە
ئەو کەسەی وا
بڕوای وایە
جێگەی هەیە لە ژیانمدا...
بە شانازی بە سەربەرزی
باست دەکەم
لە خوێنچۆڕانی برینی قووڵ
لە زامی خۆشیی ئاشق بوون
لە سەرمەستی
لە سەرشێتی و پەیمان و سۆز
بە یەکجاری ئەویندارى!
سوپاس سوپاس
بۆ تۆ ...
بۆنخۆش، ئەشقم، قەشەنگ، گێسیا!
گوڵم گێسیا!

هەولێر ٢٢/٠٤/٢٠١٤